خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەممد
makhmur@yahoo.com

# دەنگی مەخموور

## روونکردنەوەیەك
## لە ماڵپەڕی مەخموور پرێس

بەهۆی چەند هۆکارێکی تەکنیکییەوە ماڵپەڕی سەرەکی ڕۆژنامەکەمان (www.mexmurpress.com) وەستاوە، بۆیە ئاگاداری خوێنەرانی ماڵپەڕەکەمان دەکەینەوە کە لەماوەیەکی نزیکدا بەدیزاینو شێوازێکی نوێیەوە لەخزمەتی ئێوەی خۆشەویستدا دەبین، تا ئەو کاتە دەتوانن لەڕێگەی ماڵپەڕی (www.palany.kurdblogger.com) هەواڵو زانیارییەکانو سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی دەنگی مەخموور بخوێننەوە.

**بەرپرسی ماڵپەڕی مەخموور پرێس**

ژمارە ( ٢٤ ) | ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت | نرخ ( ٥٠٠ ) دینار | چوارشەممە ١٥ /٩/٢٠١٠ | ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧١٠

## ٦٦٠٠ چەکی قەرەبوو دابەش دەکرێت

# دابەشکردنی چەکی قەرەبووی ماددەی 140 دەست پێدەکاتەوە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠) دەستی بەدابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوەی ناوچەکانی کەرکوكو شەنگالو مەخموور کردەوەو نزیکەی شەش هەزارو شەست سەد چەکی قەرەبوو دابەش دەکرێت.

لەلێدوانێکی تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، د. نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق رایگەیاند "بەمزووانە چەکی قەرەبووکردنەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بەسەر ناوچەکانی کەرکوكو شەنگالو مەخموور دابەش دەکرێت". گوتیشی "ئەو بڕە پارەیەی بۆ ماددەی ١٤٠ تەرخانکراوە بەشی هەمووی ناکات، بۆیە پێدەچێت دوو تا سێ ساڵی دیکە بخایەنێت تاوەکو تەواوی چەکی قەرەبووەکان دابەش بکرێت ڕەنگە تاساڵی ٢٠١٣ بەردەوام بێت".

سەبارەت بەژمارەی چەکی قەرەبووی ئەمجارە سەرچاوەیەك لەلیژنەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند "سەبارەت بە کەرکوك شەش هەزار چەکمان دابەش کردووە، ئەوەی تایبەت بێت بە شەنگالو مەخموور ئەوا شەست سەد چەکی قەرەبوومان ئامادەکردووەو ڕەوانەی نووسینگەی شەنگالی دەکەین، بڕێك لەو چەکانەش قەزای مەخموور دەگرێتەوە". بەگوێرەی گوتەکانی ئەم سەرچاوەیە لەسەرەتای مانگی داهاتوو جارێکی دیکە چەکی قەرەبوو دابەش دەکرێت، هەروەها گوتیشی "بڕیار وایە لەسەرەتای مانگی داهاتوو ژمارەیەك چەکی دیکەمان بەدەست بگاتو ئێمەش ڕاستەوخۆ دابەشی سەر نووسینگەکانی دەکەین".



بەڕێوەبەری نووسینگەی ماددەی ١٤٠ لەشەنگال بە (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند " تائێستا لەسنووری ناوچەکانی شەنگالو زمارو تلکێفو مەخموور زیاتر لە ١٥ هەزار هاوڵاتی سوودمەند بوونە لەو بڕیارە"، گوتیشی "کۆی گشتی ئەو ناوانەی لەلای ئێمە هەیە ( ٥١ هەزارو ٣٥٨ ناو) دەبێت، قۆناخ بە قۆناخ ئەو ناوانە دانراونو هەرکاتێك بڕیاری سەرفکردنی چەکیان بۆ دەربچێت ڕاستەوخۆ دەستدەکەین بەدابەشکردنی چەك بەسەریاندا"، ڕوونیشیکردەوە "سەبارەت بەچەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ی تایبەت بەقەزای مەخموور لیژنەیەك لەدەستەی گشتی بۆجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەشاری هەولێر سەرپەرشتی کارەکان دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە ئێستا شەش سەد چەکی قەرەبووکردنەوە دابەشکراوەو دەتوانن لە بانکەکانی کوردستان ئەو بڕە پارەیە وەربگرن".

شایەنی گوتنە قەزای مەخموور لەسەرجەم قۆناخەکانی دابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوە کەمترین ڕێژەی بەر کەوتووەو، بەهۆی نەبوونی نووسینگەیەکی تایبەت بە ڕێکخستنی کارەکانی ماددەی ١٤٠ تائێستا ناوی هاوڵاتیانی مەخموور بەڕوونو ئاشکرایی دیار نییە.

٢

## بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆی مەخموور دەست لەکار دەکێشێتەوە

**دەنگی مەخموور**

بەڕێوەبەری کەرتی پۆلیسی هاتووچۆی مەخموور دەستی لەکارەکەی کێشایەوەو هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ دەستێوەردانی ئیدارەی ناوچەکە لەکاروباری تایبەتی خۆیدا، لەلایەن خۆشیەوە قایمقامی قەزای مەخموور ئامادە نەبوو هیچ ڕوونکردنەوەیەك بۆ ڕۆژنامە بدات.

ڕائید ئەیاد ئیبراهیم مەحموود بە ڕەگەز عەرەبەو خەڵکی گوندی "قەبر سەید"ە، لەساڵی ٢٠٠٣ بەفەرمانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەك بەرپرسی هاتوچۆی مەخموور دامەزراوە. لەلێدوانێکی تایبەتدا ڕائید ئەیاد باس لەهۆکاری گواستنەوەکەی دەکاتو دەڵێت "ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی دروستبوونی چەند کێشەیەکەوە ناچاربووم دەست لەکارەکەم بکێشمەوە، هۆکارەکەشی بەهۆی دانانی بورجێکی مۆبایلی کۆمپانیای کۆرەك تلیکۆم بوو، دوای ئەوەی لە گوندی قەبر سەید لەناو زەوی خۆمان کە موڵکی باوکمە بەپێی گرێبەستێك کە مافی خۆمانە ئێمە پاسەوانی لەو بورجە بکەین"، سەبارەت بەهۆی دروستبوونی کێشەکان، ڕائید ئەیاد گوتی "دوای ئەوەی کەسێك بەناوی (ا.م) کە دانیشتووی گوندی قەبر سەیدە بە واسیتە دەچێتە لای قایمقامی مەخموور بۆ ئەوەی ببێت بەهاوبەشمان لەو گرێبەستە، ئەوەبوو دوای ئەوە قایمقامی مەخموور بانگی کردم کەدەبێ من ئەو کەسە بکەم بەهاوبەشی خۆم، منیش بەوکارە ڕازی نەبووم". بەگوێرەی گوتەکانی ئەو قایمقامی مەخموور دوای ئەو ڕووداوە نووسراوێك دەکاتو داوادەکات کە ئەو ئەفسەرە سوودی بۆ دەڤەرەکە نییەو بیگوازنەوە،



بەڵام وەکو ئەو باسی لێوەدەکات بەرپرسانی هەولێر بەوە ڕازی نابن، دوا بەدوای ئەو ڕووداوەو لەکاتی بەستنی کۆبوونەوەیەك ئەو ئەفسەرە بانگهێشت ناکرێتو کێشەکان لەوێوە دەستپێدەکات، هەروەك ئاماژەی بەوەکردو گوتی "دوای ئەوە هێزێك لەپۆلیسی مەخموور کە سەر بەمووسڵن لەلایەن قایمقامیەتەوە ڕەوانە کرابوون ویستیان دەمانچەکەم لێ بسێنن، دوای ئەوە خۆم چووم بۆلای بەڕێز قایمقامی مەخموور، بەڵام ئەو پێی ووتم "تۆ فەسڵ دەکەم".

دوای ئەوەش ڕائید ئەیاد لەسەر داواکاری خۆی داوای گواستنەوەی دەکات لەپۆستەکەی، ئێستاکەش وەکو ئەفسەرێك لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی مەخموور لەڕێگای دەرەکی کاردەکات، زیاتر دواو گوتی "من ماوەی حەوت ساڵ لێرە کاردەکەمو کێشەم لەگەڵ کەس نەبووەو نزیکەی ٣٥ کوردم لەو کەرتە دامەزراندووە، لەهەوڵی ئەوەدابووم ئەو کەرتە بکەمە بەڕێوەبەرایەتیو مۆڵەتی شوفێرىو پشکنینی ئۆتۆمبێلی لێ ئەنجام بدەم، بەڵام بەداخەوە ناچاریان کردم دەست لەکاربکێشمەوە". سەبارەت بەم بابەتە پەیوەندیمان بە قایمقامی قەزای مەخموورەوە کرد ئامادە نەبوو هیچ ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو بابەتە بدات.

### خدر روسی:
## مەخموور لەهەموو ڕوویەکەوە مەغدوورە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتدا خدر روسی سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان باس لەوەدەکات کە مەخموور لە میانەی هەبوونی حکومەتی هەرێمدا مەغدوورەو، پێشیوایە خەڵکێکی زۆر پەشیمانن لەوەی ناوی خۆیان لەماددەی ١٤٠دا نووسیوە.



خدر روسی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند " لەگەڵ ئەوەی مەخموور قەزایەکی کۆنە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بوەتە قەزا، کەچی ئێستا لەمیانەی هەبوونی حکومەتی هەرێم ئەو ناوچەیە مەغدوورە !"، گوتیشی " ڕەوشی مەخموور لەبارودۆخێکی نالەبارە، بۆ نموونە ناوچەیەکی وەکو کەندێناوە لەڕووی یاسایی سەر بەمووسڵە، لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەهەولێرە، کەچی کارەباکەی لە کەرکوکەوە بۆدێت".

سەبارەت بەتۆمارکردنی ناوی هاوڵاتیان لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووریو خۆئامادەکردن بۆ سەرژمێری گشتی، سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان دەڵێت " خەڵکێکی زۆر کە خۆیان لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ تۆمارکردووە پەشیمانن، لەوانەشە خەڵێکی زۆر نەگەڕێنەوە ناوچەکانیان چونکە زۆریان نازانن ناوەکانیان لە کوێیە؟، هەروەك لەهەڵبژاردنی ڕابردوو بۆمان دەرکەوت کە کەمتر لە ٢٥٪ دانیشتوانی مەخموور بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، بێگومان ئەمەش مەترسی گەورەتر دەخاتە سەر ئەنجامی سەرژمێری گشتی، لەبەرئەوەی ئەگەری زۆر هەیە کە ئەو خەڵکە ئامادەنەبن بگەڕێنەوە ناوچەکانیان".

لەبەشێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنەیدا خدر روسی گەشبینی خۆی بەرامبەر بەگەڕانەوەی مەخموورو پارچەکانی دیکەی کوردستان دەردەبڕێت، هەروەك باس لەوەدەکات حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر هەردوو دەشتی قەراجو کەندێناوە کەمتەرخەمە، ناوبراو پێی وایە دەکرێ لەوە زیاتر خزمەت بە دەڤەری مەخموور بکرێت.

٣

## سوپای ئەمەریکا لە ناوچە دابڕاوەکان ناکشێتەوە

بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند، هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچە دابڕاوەکانی سەر بە پارێزگاکانی دیالە و کەرکوك و نەینەوا و سەڵاحەدین ناکشێنەوە.

لەمبارەیەوە، وتەبێژ و ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان " لیوا جەبار یاوەر" ڕایگەیاند، ئەو هێزە ئەمەریکیانەی لە پارێزگاکانی سەڵاحەدین و دیالە و نەینەوا و کەرکوك دا جێگیرن، بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا نایانگرێتەوە.وتیشی: ئەو هێزانە لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە و ناکشێنەوە. جەبار یاوەر ئەوەشی ئاشکراکرد، ئەو ناوچانە بە ناوچەی گەرم و کێشەدار ناسراون و هەڕەشەی تیرۆریان لەسەرە.

هەروەها وتیشی "ئەو ناوچانە لای ئەمەریکیەکان بە "کەرتی باکور" ناسراون و دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵات و ئەرکی فیرقەی سێهەمی سوپای ئەو وڵاتە کە بارەگاکەی لە تکریتە.

داوایشی لە ئەمەریکیەکان کرد کە هاوکاربن بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور پێش کشانەوەیان لە ساڵی٢٠١١.



خالید مەلا سەعدی:
**حیزب و گندۆرەو سابوونی ڕەقی**

٣



**دوای حەوت ساڵ خۆشەویستی، خیانەتی لێکردم**

٤



**نور سەبری بۆندێکی لەگەڵ یانەی زاخۆ مۆرکرد**

٧